https://www.doi.org/10.31918/twejer.2141.14

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# پەنابەربوونی کوردانی باشوور بۆ ئێران لە دوای ١٩٧٤ و کاریگەربوونیان بە کلتووری ئەو وڵاتە

پ. ی. د. مراد حکیم محمد

بەشی کۆمەڵناسی

سارینا برایم حسین

بەکالۆریۆس لە کۆمەڵناسی

زانکۆی سەلاحەدین

**پوختە**

لە دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە نێوان حکومەتی ناوەندی (بەغداد) و شۆڕشگێڕانی کورد لە ١٩٧٤، شەپۆلێکی پەنابەربوونی کورستانیان لە عێراقەوە بۆ ئێران دەستیپێکرد. ئەم شەپۆلە تا ١٩٨٨ بەردەوام بوو، کە لە ئەنجامدا بە سەدان هەزار کەس لە کوردستانیانی نیشتەجێی عێراق پەنایان بۆ وڵاتی ئێران برد. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ شەپۆڵی گەڕانەوەش لە ئێرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان کاتێکی زیاتری خایەند، واتە ١٩٩١ دەستیپێکرد و تا ئەم ساڵانەی کۆتایی بەردەوام بوو. پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە چەندە ئەو پەنابەرە گەڕاوانە کاریگەریی کلتووری ئێرانیان لەسەرە؟ کە بێگومان هەموومان هەستی پێدەکەین، کاریگەرییەکە لە چ توخمێکی کلتووریدا زیاتر دەبینرێت. توێژینەوەکە لە جۆری چۆنایەتییە و پەیڕەوی ستراتیجیی ئێتنوگرافی کراوە، کە لە کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا پشتمان بە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو و تێبینی بەستووە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کاریگەرییەکی بەرچاوی کلتووری لەسەر پانابەرە گەڕاوەکان هەیە، بەڵام بە ڕێژە و شێوەی جیاواز، هەروەها لە ئەنجامی کاریگەربوونیان بەو کلتوورە و ژیانیان لە ناو کلتوورێکی دیکە وایکردووە ئەم گرووپە ببن بە خاوەن وردە کلتوورێکی تایبەت بە خۆیان.



**وشە کلیلییەکان: کلتوور، پەنابەری.**

**دەروازە**

کلتوور تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لە دابونەریت و شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستەمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتیی ژیانی گرووپێک یان چەند گرووپێکە لە خەڵک. ڕەگەزەکانی کلتوور، وەکو دابونەریت و بیروباوەڕەکان هەروەها زمان، ڕەفتار و بیروڕا هاوبەشەکان. پێکەوە گشتێک پێکدەهێنن کەوا مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشێت. لەبەر ئەوە ناوی گرووپ بەکاردێنین چونکە لە کۆمەڵگا گەورەکاندا ژمارەی ئەو گرووپانە زۆرن کە تاک تیایاندا ئەندامە لەو ڕووەوە کە هەمووومان کوردین لە کلتووریشدا هەمووومان لەگەڵ یەکتری هاوبەشین، بەڵام لە ناوەوەی ئەم کۆمەڵگا گەورەیەدا، کۆمەڵێک گرووپی ناسەرکی بوونیان هەیە وەک گروپەکانی ناوچەیی، خێڵەکی، چینایەتی، نەتەوەیی و ڕەگەزی، کە ئەوەش وادەکات نەک ئەو هەموو گروپانە تەنیا جیاوازی کولتوورییان هەبێت، بەڵکو لە زۆر لایەنەوە چەند سیستەمێکی کلتووری تایبەت پێکدەهێنن. هەربۆیە وردە کلتوورە ناوچەییەکان لەسەر بنەمای جۆراوجۆرێتیی ڕەفتارەکان و پەیوەندی لەگەڵ ناوچە جیاجیاکانی وڵاتێکدا دەناسرێنەوە.

کاتێکیش باس لە پەنابەر دەکەین، ئەوا ناچار دەبین بڵێین بە کەسێک دەگوترێت پەنابەر کە دوچاری ئازار و ئەشکەنجە و تەنانەت مردن دێت بەهۆی نەژاد، ئاین، نەتەوە، ئەندامبوون لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، بیروڕای سیاسی، شەڕ و جەنگ، دوای ئەوەی وڵاتی خۆی بەجێهێشت، ناتوانێت تا ماوەیەکی دیاریکراو بگەڕێتەوە. کەواتە دیاردەی کۆچکردن بابەتێکی سەرەکیی کۆمەڵناسییە و کۆمەڵناسەکان گرنگی بە بابەتی کۆچکردن دەدەن. هەربۆیەش وردە کلتووری کۆمەڵگایەک کە زۆربەی جار بەهۆی کۆچکردنی کەسانێک لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی

دیکەوە لە نێوان نەتەوە جیاجیاکانی دانیشتووانی وڵاتێکدا هەن، ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی کلتووری کۆمەڵگایەکی دیکە لەسەر ئەو تاکانە دەبێت، کە بەهۆی هۆکارێک وڵاتیان بەجێهێشت و کۆچیانکرد بۆ وڵاتێکی دیکە، زمان و سیمبوڵەکانی ئەو وڵاتە یا ئەو کۆمەڵگایە گرنگترین هۆکارەکانی گواستنەوە و بڵاوبوونەوەی کلتوورین.

کێشەی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتنی کلتووریی ئێرانییە لە لای ئەو پەنابەرانەی لە ١٩٧٤ بەدواوە پەنایان بۆ وڵاتی ئێران برد و لە دوای ١٩٩١ گەڕانەوە کوردستانی باشوور، مانەوەی ئەم خەڵکە لەو وڵاتە بۆتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک گۆڕانکاریی لە کلتووری ئەواندا، کاریگەریی کلتووری ئێرانی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەت و شێوازی ئاخافتن و بیرکردنەوەی تاکەکان تەنانەت لە سەر شێوازی ڕێکخستنی ناوماڵ کاریگەرییەکی زۆری هەیە کە تا ئێستاش دەتوانین بڵێین ئەو کاریگەرییە بەردەوامە، چونکە لە لایەک کارلێکی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ کۆمەڵگای ئێرانی ماوە و لە لایەکی ترەوە لەگەڵ یەکتریش دیسان ئەو کاریگەرییە بونیاددەنێنەوە.

لەم توێژینەوەیەدا پرسیارە سەرەکییەکانمان ئەمانەن: ڕەنگدانەوەی کلتووری ئێرانی بە گشتی لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران چۆنە؟ کامە توخمی کلتوورە مادی و مەعنەوییەکان کاریگەرییان زیاتر لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکان هەیە؟ چ گۆڕانکارییەکی لەسەر ڕەفتار و زمان و جلوبەرگ و کەلوپەلی ناوماڵ هەیە؟

## پەنابەربوونی کوردستانییەکان بۆ ئێران ١٩٧٤-١٩٨٨

ئەو ڕووداوەی بووە هۆی کۆچکردنی ڕێژەیەکی زۆر لە کوردەکانی عێراق لە ساڵەکانی ١٩٧٤ -١٩٧٥ بۆ وڵاتی ئێران، شەڕ و ناکۆکی بوو لەگەڵ ڕژێمی عیراق. دوای ئەوەی پەنابەربوونی کوردان بۆ ئێران لە

دوای دەستپێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤، بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حکومەت زانکۆی سلێمانی لەناو شاری قەڵادزێ بوردومان کرد ئەم کار و کردەوانەی حکومەت کە دەستی لە هیچ نەدەپاراست، بەشێکی خەڵکەکەی ناچارکرد سەرەتا لەناو شارەکانەوە بچنە گوندەکان، ماڵ و حاڵیان جێهێشت و لە گوندەکان مانەوە، دواتر لە دوای توندبوونی شەڕ لە نێوان پێشمەرگە و سوپای عیراق لە ١٩٧٤ هەندێک لە کوردەکان بوونە پەنابەر و چوونە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

دوای هەوڵ و کۆششێک بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەعس کە لە کانوونی دووەمی ١٩٧٤ بۆ سەرەتای ئاداری ١٩٧٤ درێژەی کێشا. لە کۆتایی یەکەمین هەفتەی ئادار ئیدریس بارزانی سەدام حوسێنی دڵنیاکردەوە کە ئەگەر بە تەواوی ڕێککەوتن، کوردەکان پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئێران دەپچڕێنن، بەڵام لەسەر کەرکوک ڕێککەوتن مومکین نەبووو (ماکداول،٢٠٠٧: ٥٢١-٥٢٣). لە مانگی نیسانی ١٩٧٤ مەلا مستەفا ڕەنگە نزیکەی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار پێشمەرگەی مەشق پێکراو و نزیکەی (٥٠) هەزار چەکداری دیکەی هەبووبێت، کاتی خۆلادان لە شەڕ لە توانادا نەبوو، ڕاکردووەکانی سوپای عیراقیش، لەژێر ئاڵایەکدا خڕبوونەوە. هێزەکانی بۆ شەڕی ڕەسمی مەشقیان پێکرابوو، بەڵام لە چەکی قورس کەموکورتییان هەبوو. لە بەرانبەر ئەم هێزەدا بەغدا دەیتوانی نزدیکەی (٩٠) هەزار سەرباز بە پشتوانی (١٢٠٠) تانک و زرێپۆش و (٢٠٠) فڕۆکە بهێنێتە مەیدان (Alborzi,2016: 26) (Yildiz, 2007: 23 ). لە دوا مۆڵەتی ڕاگەیاندنی یاسای ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە سەرەتای مانگی چواری ١٩٧٤، وەزیرەکانی سەر بە شۆڕش، ژمارەیەکی زۆر مامۆستا، بەڕێوەبەری خوێندنگە، کارمەندی مەدەنی، پلەداری پۆلیس و سەربازانی سوپای عیراق، پزیشک و بازرگانەکان...، شوێنەکانیان جێهێشت و ڕوویان لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان کرد، بەشێکی ئەمانە، جگە لە

وەزیرەکان، لە سپتێمبەر "ئەیلول" ی ساڵی ١٩٧٤ ەوە بۆ پاراستنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان لە چنگ بۆمبارانی فڕۆکەکان، ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد (گەوهەری، ٢٠١٤: ٢٧٢). هەروەها وڵاتی ئێران کە پەنابەربوونی ١٠٠ سەد هەزار کۆچبەری کوردی بۆ وڵاتەکەی بینی نەیاندەویست هاتنەژوورەوەی شەپۆلێکی گەورەتری پەنابەر ببینن و باری کێشەکان و لێکەوتەکانی بگرنەئەستۆ بە پێی ئیمکان هەوڵی ئەوەیان دەدا ژمارەکە کەمتر بکەنەوە. لە وڵاتی ئێران ئەو کۆچبەرانەی کە هاتبوونە ناو وڵاتەکەیان، لەو ئۆردوگایانەی کە بۆ ئەم مەبەستە دروستکرابوون، نیشتەجێکران. سەرەتا لە دەوروبەری شنۆ و نەغەدە چەند ئۆردوگایەک دروستکران لە سالی ١٩٧٤ بۆ نیشتەجێکردنی پەنابەران لەوانە دەتوانین ئاماژە بە ئۆردوگای (نەلیوان) بکەین. لەگەڵ هاتنی شەپۆلی نوێی پەنابەراندا چەند ئۆردگایەکی نوێش دروستکران بۆ نیشتەجێکردنیان. (سعیدی، ١٣٩٤: ٤٦).

لە ساڵی ١٩٧٤ حکومەتی عیراق هێرشێکی نوێی دژی کوردەکان دەستپێکرد و ئەوان لە سنوورەکانی ئێران نزدیکبوونەوە، عیراق و ئێران کەوتنە دانوستان تا پشتگیریی ئێران بۆ کوردەکانی عیراق بە سوودی ئێرانییەکان کۆتاییبێت. هەروەها وڵاتە یەکگرتووەکانیش پشتی لە کوردەکان کرد، ئەمە وای کرد زۆرێک لە کوردەکان بەرو ئێران بڕۆن و ئەوانی تر تەسلیم بوون و ناوچەکانی شۆڕش لە لایەن بەغدا کۆنترۆلکران(Kelly, 2008: 18; Mcdowall, 2007 : 33).

لە ٦ی مارسی ١٩٧٥، شای ئێرانی و سەدام حسین ڕێککەوتننامەی جەزائیریان بەست، عێراق شەتولعەرەبی پێشکەش بە ئێران کرد و ئێرانیش هەموو هاوکارییەکانی خۆی بۆ شۆڕشگێڕە کوردەکان ڕاگرت (Romano, 2006: 196). چەند سەعاتێک دوای ڕێککەوتن هێزەکانی عێراق لە دۆڵی چۆمان هاتنە پێشەوە و حاجی ئۆمەران کەوتە بەر

هەڕەشە، عێراق بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەگەڵ ئێران کردبووی (١٣ی ئادار تا ١ نیسان) شەڕی ڕاگرت (ماکداول،٢٠٠٤: ٥٢٨). شەڕ لە نێوان هێزە کوردییەکان و سوپای عیراق لەو شوێنەدا کۆتاییهات کە کورد بە ئاشکرا لە لایەن ئێرانییەکانەوە پاڵپشتی دەکران و بە نهێنیش لە لایەن ئەمریکاوە (Meho and Maglaughlin, 2001: 19). کوردەکانی عێراق بە تەواوەتی شکستیان هێنا بەهۆی نەبوونی پشتیوانیی دارایی و سەربازی و نەبوونی چەکی پێشکەوتوو کە پێویست بوو بۆ شەڕکردن لەگەڵ هێزە عێراقییەکان. بارزانی لە ٢١ی ئادار کۆتایی بە خۆڕاگریی شۆڕش هێنا، دوای کەمتر لە هەفتەیەک بارزانی و بنەماڵەکەی چوونە ئێران (Franklin,2019: 73). زیاتر لە (١٠٠) هەزار پەنابەری دیکە کە پێشتر چووبوونە ئێران، بە هەزاران کەسی دیکەش خۆیان تەسلیمی هێزەکانی عێراق کردەوە (Alborzi, 2016: 27; Tucker ,2007 : 164 Alvandi,2010:169 ).

گوژمەی ئەم شەڕەماڵوێرانکەرە بێڕادە سەنگین بوو. ئەم شەڕە لە ڕووی داراییەوە ڕۆژانە بۆ عێراق (٢،٥) دوو ملیۆن و نیو دۆلار و بۆ کوردەکان هەشتیەکی ئەم پارەیەی تێچوو. هەردوولا زیانەکانی خۆیان بە ژمارەیەکی زۆر ڕادەگەیاند، بەڵام بەراوردەکەی خاچی سوور واقیعی تر خۆی دەنوێنێت. بەپێی ئەم بەراوردە، زیانەکانی سوپای عێراق (٧٠٠٠) کوژراو و (١٠٠٠٠) بریندار بوو، بەڵام زیانەکانی کوردەکان لەوانەیە کەمتر بووبێت (Mcdowall,2007:339) بێجگە لە زیانەکانی شەڕ، ئەم کارەساتە بۆ خەڵکی ئاسایی بە نرخێکی گران تەواو بوو (Mcdowall, 1996: 25). هەزاران کەس ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشت و پێش هێرشی سوپای عیراق ڕایان کرد و لە زستاندا خەڵکێکی زۆر لەبەر برسێتی و بێجێگایی ئازار و زەحمەتێکی زۆریان بینی. ئەم ئازار و ناخۆشییە لە بادینان لە هەموو جێگاکانی تر زۆرتر بوو بەهۆی ڕێگاگرتنی تورکیا لە هاتنی خواردن و کەلوپەل لەسەر سنوور و ئاپۆڕایەکی لە ڕادەبەدەر لە

هەموو شوێنەکان کۆببونەوە. (Mcdowall,2007:339 ) پەنجا هەزار پەنابەری شەڕی ١٩٧٥ هێشتا لە ئێران بوون و بە لایەنی کەمەوە ٥٠ پەنجا هەزار کوردی فەیلی کە لە دەیەی ١٩٧٠ لە عێراق دەرکرابوون، لە ئێران قبوڵکرابوون. تا ساڵی ١٩٨٧ بە لایەنی کەمەوە ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار کەسی دیکەش لە سنوور پەڕیبوونەوە و پەنایان بۆ ئێران هێنابوو، تا ئابی ١٩٨٨ لەوانەیە ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزاری دیکەش هاتبنە ناو ئێران و ژمارەی پەنابەرانیان گەیاندە (٢٥٠) دوو سەد و پەنجا هەزار کەس. لە ئابی ١٩٧٥ سەدام حسێن بەبۆنەی بوونی بە سەرکۆمار (لە ڕاستیدا ساڵی ١٩٧٩ بوو) لێبووردنێکی گشتی بۆ چەکدارانی کوردی دەرەوەی عێراق دەرکرد و نزدیکەی (١٠) هەزار کەس گەڕانەوە (ماکداول، ٢٠١٩: ٥٣٣-٥٦٦). لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ چارەکە ملیۆنێک کەسی تر بەرەو ئێران هەڵهاتن، لە دوای پێکدادانەکان زۆرێک لەم کەسانە گەڕانەوە بۆ سەر ماڵی خۆیان، بەشێکیان گەڕاونەتەوە عێراق بەڵام نەگەڕانەتەوە بۆ ماڵە سەرەکییەکانیان، مەبەستم ئەوەیە ئەوان پەنابەربوون ئێستاش ئاوارەی ناوخۆن (Fawcett and Tanner ,2002:14). پەنابەربوون بە گەورەترین قەبارەوە لەگەڵ نسکۆی شۆڕش لە ١٩٧٥ دەستیپێکرد. نزدیکەی نیو ملیۆن کوردی عیراق بە ناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئەم خەڵکە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە مافی پەنابەرییان پێنەدرا و هیچ ڕێکخراوەکی UN لەوانی نەپێچایەوە. دەوڵەتی ئێرانیش ئەوانی بۆ ناوەوەی خاکی ئێران گوازتەوە و لە ((ئوردوگاکانی)) لەژێر چاودێریی سەربازی نیشتەجێکردن.(خۆشناو، ٢٠٠٢: ٢٧٩)

کەواتە ئەم ڕووداوانەی لە ساڵی ١٩٧٥ بوونە هۆی هەڵهاتنی کۆچبەرانی کورد بۆ ئێران و دوای ئەوەی ئێران پشتیوانیی خۆی بۆ کورد ڕاگەیاند و سوپاکە بەردەوام بوو لە شەڕەکە. بەشێک لەو پەنابەرانە لە کۆتاییدا ڕێگەیان دۆزیەوە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان (Robson , 1996: 10). ئەو کۆچبەرانەی کە کوردستانی عێراقیان لە

١٩٧٤-١٩٩١ جێهێشتووە چینی سیاسی و سەربازی بوون کە بەهۆی ئازار و ئەشکەنجە هەڵهاتوون. عێراق یەکێک بوو لە دڕندەترین دیکتاتۆرەکانی سەدەی بیستەم. ئەمە یەکەمین سەفەری گەورەی هاوچەرخ بوو لە کوردستانی عێراق لە ١٩٧٤-١٩٧٥ کاتێک ٢٥٠،٠٠٠ پەنابەری کورد بەرەو ئێران ڕۆیشتن. (Paasche,2018:6)

هەروەکو گەوهەری باسیدەکات، ڕژێمی ئێران کۆمەڵێک ئۆردوگای لە ورمێوە تا دەگاتە پارێزگای ئەهواز لە باشووری ئێران، بۆ ئەو پەنابەرانە دروستکردبوو. سەرپەرشتیی ئەو ئۆردوگایانە بە مانگی سووری ئێران ((شێر و خورشید)) سپاردبوو، کە خێمە و خۆراکیان بۆ دابینبکات. هەموو ئۆردوگاکان لەژێر چاودێریی مەئمورەکانی ساواکدا بوون و هیچ کەسێک بەبێ ئێزنی ئەوان مافی چوونە ناوەوە و چوونەدەرەوەی ئەو ئۆردوگایانەی نەبوو (گەوهەری، ٢٠١٧: ٦٦٥).

ئەو پەنابەرانە تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بە ناچاری لە ئێران مانەوە، بەڵام دوای ئەوەی لە ٥ی ئاداری ١٩٩١ چەخماخەی ڕاپەڕین لە شاری ڕانیەوە لێدرا و لە ماوەی دوو هەفتەدا تەواوی کوردستانی باشوور ڕزگاری بوو، هیوای گەڕانەوەی ئەو پەنابەرانە چرۆی کرد، بۆیە سەرەتا پیاوەکان یان ڕاستتر پێشمەرگەکان گەڕانەوە. هەرچەندە کۆڕەو چەند مانگێک گەڕانەوەی ئەوانی دواخست، بەڵام بە دەستپێکردنی گفتوگۆ لە نێوان بەرەی کوردستانی و ڕژێمی بەغدا ژمارەیەکی زۆری ئەو ئاوارانە خۆیان ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە و لەو ساڵەدا ژمارەیەکی زۆری خێزانەکان کە بە زیاتر لە پێنج هەزار خێزان لە قەڵەم دەدرێن وەک لە وێنە و خشتەکەدا دیارە گەڕانەوە زێدی خۆیان. پرۆسەی گەڕانەوەی پەنابەران لەبەر زۆر هۆکار بەرزی و نزمی تێدەکەوت وەک لە وێنەکەدا دیارە، سەرەتا ئابلوقەی ئابووری و دواتریش شەڕی براکوژی، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو کێشانەش ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو، بە جۆرێک کە تا

٢٠٠٣ ژمارەیەکی زۆر کەم خێزان مابوونەوە. لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانەی دوای ٢٠٠٣ گەڕانەوە کەمتر لە ٢٠٠٠ خێزانێکن واتە کەمتر لە ١٠% کۆی پەنابەران، بەڵام بە دڵنیاییەوە هێشتا ژمارەیەکی کەمی ئەو پەنابەرانە لە ئێران ماون و دیاریش نییە دەگەڕێنەوە یان هەرگیز ناگەڕێنەوە.

## خشەی (١)

ژمارەی خێزان و تاکەکەسە پەنابەرەکان بەپێی ساڵەکانی گەڕانەوە
ڕووندەکاتەوە

| ساڵی گەڕانەوە | کۆی خێزان | کۆی ئەندامانی خێزان |
|---|---|---|
| 1993-1991 | 7270 | 14013 |
| 1996-1994 | 2019 | 10137 |
| 1999-1997 | 6706 | 33108 |
| 2002-2000 | 1079 | 4678 |
| 2005-2003 | 3230 | 12281 |
| 2008-2006 | 842 | 2899 |
| 2011-2009 | 584 | 1942 |
| 2014-2012 | 474 | 1586 |
| ٢015 و دواتر | 89 | 295 |

وەرگیراوە لە: وەزارەتی ناوخۆ ،بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران بەشی پلان و بەدواداچوون لە ڕێکەوتی 2020\6\14




وەرگیراوە لە: وەزارەتی ناوخۆ،بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران بەشی پلان و بەدواداچوون لە ڕێکەوتی 2020\6\14

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە

توێژینەوەکەی ئێمە لە جۆری چۆنایەتییە. توێژینەوەی چۆنایەتی کۆمەڵێک بنەمای هەیە کە جیاوازە لە توێژینەوەی چەندایەتی، ئەو جیاوازییەش دەگەڕێتەوە بۆ بونیادی توێژینەوەی چۆنایەتی کە گریمانە ئەنتۆلۆجی و ئەبستمۆلۆجییەکانی جیاوازن، ئەوەش پێویست بەمە دەکات کە ئەم جۆرە توێژینەوەیە دیزاینێکی جیاوازیشی هەبێت (سارانتاکوس، ٢٠١٥: ٩٩).

دەکرێ بڵێین سروشتی توێژینەوەی چۆنایەتی بریتییە لە فۆکۆس خستنەسەر پرۆسە، تێگەیشتن و مانا. لەم جۆرە توێژینەوەیەدا توێژەر ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتاکان و شیکارکردنیانە؛ بە گشتی پرۆسەکە پرۆسەیەکی ئیستیقرائییە (Inductive) و بەرهەمەکەش زۆر وەسفییانەیە (Merriam,2009:14) هەروەکو (لیڤی) ئاماژەی بۆ دەکات بە گشتی توێژینەوەی چۆنایەتی لە بونیادنانی مەعریفەدا بە شێوازی ئیستیقرائی جیادەکرێتەوە کە مەبەست لێی بەرهەمهێنانی مانایە. توێژەران ئەم شێوازە (ئیستیقرائی) بۆ گەڕان و دۆزینەوە بەکاردەهێنن. ,leavy (2017:9)

ئەم توێژینەوەیە لە ڕووی میتۆدۆلۆژییەوە توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە و تیایدا پشت بە ڕێبازی ئێتنوگرافی بەستراوە. توێژینەوەی چۆنایەتی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا، نموونە وەرگرتن و تەنانەت شێوازی خستنەڕوو و ڕاڤەی داتاکانیشی تایبەتە.

ئێتنۆگرافی ستراتیژییەکی توێژینەوەیە کە پێیوایە تاکە شێوازێک بۆ توێژینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان ئەوەیە بە کرداری و لە مەیداندا لێی بکۆڵینەوە، ئاڵۆزییەکانی ژیانی مرۆیی، مامەڵە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانین بۆ تاقیکردنەوەیەکی تاقیگایی کورتبکەینەوە کە تیایدا کۆنترۆڵی گۆڕاوگەلێکی دیاریکراو دەکرێت (مارچسیون، ٢٠١٤: ٢١).

توێژەران وێڕای پشتبەستن بە تێبینییەکانیان کە بەشدارن لە ژیان لەگەڵ پەنابەرە گەڕاوەکان بۆ ماوەیەکی درێژ، ئەوەش وادەکات کەوا توێژەران بتوانن بڵێن لە کۆکردنەوەی داتادا جگە لە چاوپێکەوتن، تێبینی بە بەشداریشیان ئەنجامداوە. کاتێک توێژەر باس لە ئێتنۆگرافی دەکات ناکرێت تێبینی بە بەشداری لەبیربکات، چونکە تێبینی بە بەشداری لە گرنگترین ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیارییە لە میتۆد یان ستراتیژی

ئێتنۆگرافیدا (حریری، ٢٠٠٦: ٩١-٩٢). چاوپێکەوتنی "نیمچەکراوە" ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیارییە کە لەم توێژینەوەیەدا پشتی پێ بەستراوە. توێژەران ٢٤ چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران ئەنجامداوە.

کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێرانن لە پارێزگای هەولێر کە لە دوای نسکۆی ١٩٧٥ و ساڵانی دواتر پەنابەری ئەو وڵاتە ببوون لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەستیانکرد بە گەڕانەوە، واتا لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵگەی توێژینەوەمان بریتییە لە پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران لەدوای ڕاپەرینی ١٩٩١، بۆ ئەوەی توێژینەوەکە زۆرتر گوزارشت لە کۆمەڵگای توێژینەوە بکات هەوڵمانداوە نموونەکان بە جۆرێک وەرگرین کە لە ئێران لە شاری جیاواز و ناوچە جیاوازەکان ژیابن (وەکو کاشان، تاران، ئەسفەهان، ساوە، نەغەدە، ورمێ، لوڕستان، شیراز...) کە بێگومان لە ئێستاشدا ئەو پەنابەرانە لە شار و شارۆچکە جیاوازەکانی هەرێم و زۆرتریش لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن، بۆ ئەوەی دیسان نوێنەرایەتی و گوزارشتکردن لە کۆمەڵگا باشتر دەرکەوێت لە شار و شارۆچکەی جیاواز نموونەکان وەرگیراون (هەولێر، سۆران، دارەتوو، بنەسڵاوە، پیرمام، شەقڵاوە، بەحرکە...). ئامانجمان لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پەنابەرە گەڕاوەکان و هەروەها تێبینیکردنیان، گەڕان بووە بەدوای کاریگەری و ڕەنگدانەوەی کلتووری ئێرانی لەسەر ژیانی پەنابەرە گەڕاوەکان لە ئێستادا. لە کۆتاییشدا بۆ پاراستنی ستانداردەکانی ئەخلاقی توێژینەوە و بە نەناسراوی هێشتنەوەی بەشداربووانی توێژینەوەکە، لەجیاتی ناوی نموونەکان کۆد (جێناو)ی تایبەت دانراون.

لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان ڕەچاوی جۆری توێژینەوەکە (چۆنایەتی) و میتۆدی توێژینەوەکە (ئێتنۆگرافی)[١] کراوە بۆیە

توێژەر هەوڵیداوە سوود لە چاوپێکەوتن (چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە)[٢] و تێبینی (تێبینی ناڕێکخراو) وەرگرێت.

لە ناو جۆرەکانی چاوپێکەوتندا پەنامان بۆ چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە برد، چونکە کاتێک توێژەر ئاگاداری و زانیاریی پێویستی لەسەر بابەتەکەی هەبێت باشتر وایە پشت بە چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە ببەستێت تا کراوە (creswel,2009:181). توێژەر بۆ خۆی لە پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێرانە و تاڕادەیەکی زۆر ئاگاداری گۆڕانکارییە کلتوورییەکان و ڕەنگدانەوەی کلتووری ئێرانییە لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکان، بۆیە بۆی ئاسان بوو بزانێت دەبێت چ پرسیارێک بکات، بەڵام لەبەرئەوەی نموونەکان هەندێک تایبەتمەندیی جیاوازیان هەبوو بەپێی ساڵەکانی مانەوە لە ئاوارەیی و گرووپی تەمەن و ڕەگەز، پێویست بەوەبوو بوارێک هەبێت بۆ زیادکردنی پرسیار لەناو ڕێنوێنیی چاوپێکەوتنەکەدا (Interview Guide) یان کەمکردنی یان شوێنگۆڕکێ پێکردنی پرسیارەکان.

چاوپێکەوتنەکانی ئێمە نەدەکرا ڕووبەڕووبن لەبەرئەوەی کاتێک کەوتینە ناو پرۆسەی داتا کۆکردنەوە، حکومەتی هەرێم قەدەغەی هاتووچۆی ڕاگەیاندبوو، ئەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە نموونەکانمان زۆر پەرت و بڵاوبوون لە ڕووی شوێنی نیشتەجێبوونەوە و لەبەر پەتای کۆڕۆنا سەردانیکردنیان لە ماڵەوە ئاسان نەبوو، هەروەها داوەتکردنیشیان بۆ کافێیەک یان هەر شوێنێکی دیکە مەترسی تێدابوو. بە تایبەتیش لە ئێستادا کەوا ئەگەری ئەوە زۆر باشترە لە جاران چونکە ئامرازەکانی پەیوەندی و ئەپەکانی وەک ڤایبەر، وەتسئەپ و سکایپ بوارێکی باشیان ڕەخساندووە بۆ ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانە. کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگای چاوپێکەوتنی تەلەفۆنییەوە بۆتە دیاردەیەکی باو ( Block and Erskine, 2012: 428; Burke & Miller, 2001) جاران وا

لێکدەدرایەوە کەوا بۆ توێژینەوەی چۆنایەتی ناکرێ چاوپێکەوتن لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجامبدرێت. نۆڤیک لە ٢٠٠٨ لە پێداچونەوەی بە ئەدەبیاتدا سەرنجیدا لە ماوەی نێوان ١٩٨٨-٢٠٠٧ تەنیا ٨ توێژینەوەی چۆنایەتی بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتیان بە تەلەفۆن بەستووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو توێژەرانەی تەلەفۆن بۆ کۆکردنەوەی داتا بەکاردەهێنن یان ئەوانەی بەراوردی نێوان کۆکردنەوەی داتا بە ڕێگای چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی و چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو دەکەن، هیچ بەڵگەیەکیان نییە کە چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو بەسوودتر بێت (Farooq and Villiers, 2017: 292).

هەر چاوپێکەوتنێک لە نێوان (30-90) خولەکی خایاندووە، هەموو چاوپێکەوتنەکانیش بە تۆماری تایبەت تومارکراوەن. (24) چاوپێکەوتنی ئەنجامدراو لەگەڵ پەنابەرە گەڕاوەکانی ئێران (11) پیاو و (13) شیان ئافرەت بوون، بەڵام یەکێک لە پرسیارەکان کە لە کلتووری مادیدا بوو خانووبوو کە پێویستی بە کەسی پسپۆڕ و شارەزا بوو لە بواری ئەندازیاری بۆیە توێژەر هەوڵیدا(2) ئەندازیار وەربگرێت پرسیاریان ئاراستە بکات.

ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی زانیاری کە لەم توێژینەوەیەدا زۆر بەکارهاتووە تێبینییە. تێبینی بە بەشداری یەکێکە لە تەکنیکەکانی توێژینەوەی ئێتنوگرافی کە پێویست دەکات توێژەر ڕۆڵبگێڕێت بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاریی بابەتی (دهان، ٢٠١٧: ٣٤). لەم حاڵەتەدا توێژەر کەسێکی ئەکتیڤە لە بەشداریدا و کاریگەریی هەیە (Bhattacherjee, 2012: 106-107).

توێژینەوەی ئێتنوگرافی دیراسەکردنی گرووپ و تاکەکان دەگرێتەوە لە کاتی بەڕێوەچوونی ژیانی ڕۆژانەیان. لەم جۆرە توێژینەوەیەدا توێژەر دەچێتە ناو ژینگەکە و بەشدار دەبێت لە کاروبارە ڕۆژانەییە ڕۆتینیەکان،

ساتبەسات سەرنجی ئەوە دەدات کە ڕوودەدات. ئەم بەشدارییە شەخسییە ڕاستەوخۆیەی توێژەر لە جیهانی کۆمەڵایەتیدا پێشتر ناسراو نەبوو هەروەکو چۆن نووسینی ڕاپۆرتیش لەبارەی ئەو جیهانەوە ناسراونەبوو (ایمرسون، فریتز و شاو، ٢٠١٠: ٥٣).

## خستنەڕوو و تاوتوێی زانیارییەکان

لەم پاژەی توێژینەوەدا کە بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشبووە توێژەران هەوڵدەدەن ئەو زانیارییانە بخەنەڕوو و تاوتوێیان بکەن کە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان و تێبینی دەستیانکەوتوون، هەروەها شایانی ئاماژەیە کە تەنیا ئاماژە بە گرنگترین ئەو لایەنانە دەدرێت کە بە ڕوونی دیارن و گشتگیرن، چەندین بابەت و لایەنی دیکەی کاریگەریی کلتووری ئێرانی لەسەر پەنابەران لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیان پێنەدراوە، چونکە پێپەرێکی لەم شێوەیە تەنیا دەتوانێت ئەو چەند لایەنە ڕوونبکاتەوە.

## کەلوپەلی ناوماڵ

یەکێک لەو شتانەی کە بە ئاسانی لەناو کلتوورەکاندا دەگوازرێتەوە کەلوپەلی ناوماڵە، لە ئێستادا لە هەموو کاتێک زیاتر کەلوپەلی ناوماڵ لە تیڤی، بەفرگر، مۆبل و کەوەنتەر... وەک یەک و هاوشێوە بڵاوبوونەتەوە، بەهۆی ئەو بازرگانییە ئازادەی کە باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، بۆیە زۆر ئاساییە کە کەلوپەلی ناوماڵی ئێرانی لە هەرێمی کوردستان ببینین، سەرەتا لەبەرئەوەی هاوسنوورین و بازرگانیمان لەگەڵ ئەوان هەیە. بەڵام ئەوی لێرەدا مەبەستمانە بوونی هەندێک لە کەلوپەکانە کە لە ماڵە پەنابەرەکاندا هەیە و هۆکارەکەی بۆ کاریگەربوونیان بە دیزاین و شێوازی ناوماڵی ئێرانی دەگەڕێتەوە بەر لەوەی بۆ هاوسنووری و بازرگانیی ئازاد بگەڕێتەوە. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: چەندە کەلوپەلی ئێرانی لە ماڵەکانیاندا هەیە و حەزیان لەو جۆرەی دیزاینی ماڵە

(دیزاینی ناوەوە) کە لە ئێران هەیە؟ دەکرێ بڵێین هەموو نموونەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان باسیان لە کاریگەربوونیان دەکرد بە کەلوپەلی ناوماڵی ئێرانی و دیزاینی ماڵی ئێرانی، بەڵام جیاوازیی هەیە لە نێوان چەندیەتیی کاریگەربوون و جۆرەکەی و هەروەها بەردەوامیی ئەو کاریگەرییە. وەک دەردەکەوێت بیروڕای نموونەکان ئەوەیە کە کەسیان نەبوو نکوڵی بکات لەو کاریگەرییە، هەروەها زۆرتر جەختیان لەسەر مافووری ئێرانی، تابلۆ، گوڵدان... دەکردەوە.

زۆربەی نموونەکان باسیان لەوە دەکرد کەوا کاتێک گەڕاونەتەوە دیاردەیەکیان لێرە بینیوە کە بۆ ئەوان ئاسایی نەبوو، ئەویش هەڵگرتنی ڕایەخ و مافورەکان بوو لە هاویندا. ئەوان بەوە ڕانەهاتوون و تا ئێستاش هەر بەردەوامن لەسەر ئەو خووەی لە ئێران گرتوویانە، بەوەی لە هاوینیشدا وەک زستان مافوور و مۆکێت هەڵناگرن وەک ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستان بە لەهاویندا خەڵکی مافوورەکان هەڵدەگرن، کە ڕەنگە هۆکارەکەی ئەو گەرمایە بێت کە هاوینی هەولێر پلەکەی زۆر بەرزە. پەنابەرە گەڕاوەکان ئەو خووەی خەڵکی پارێزگای هەولێر بە خووێکی نامۆ دەبینن و باس لەوە دەکەن کە نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵی ڕابهێنن.

لەبارەی کەلوپەلەوە یەکێک لە نموونەکانمان کە کچێکە بە ناوی (فریال) دەڵێت: "ماڵمان لە ڕووی مافوردانان و تابلۆکان و جوانکاریی ناوماڵ زۆر زۆر لە ئێران نزیکە، ئەگەر لێرەش بەدەستمان نەکەوێت، هەوڵدەدەین هەر هیچ نەبێت مافورەکان لە ئێران داوا بکەین و لە ئێران بۆمان بێتەوە." لەم قسانەدا جگە لەوەی کە نموونەکە باسی ئەوە دەکات ناوماڵیان لە ناوماڵی ئێرانییەکان نزیکە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە نەک تەنیا بەدوای کەلوپەلی ئێرانیدا دەگەڕێن لە بازاڕەکانی کوردستان، بەڵکو دەنێرن لە ئێرانیشەوە بۆیان بێت.

یەکێک لە نموونەکانی دیکەمان بە ناوی (نەوژین) باس لەوە دەکات کە "هەموو ئەوانەی لە ئێران گەڕاونەتەوە ٧٠% تا ٨٠% ناوماڵیان ئێرانییە". نموونەیەکی دیکەمان بە ناوی (دەشتی) زیاتر لەو خاتوونەش دەچێتە پێش و پێیوایە کەلوپەلی ناوماڵی پەنابەرە گەڕاوەکان ٩٩% نزیکە لە کەلوپەلی ناوماڵی ئێرانییەکان، دەڵێت: "ئەوەی دێتە ماڵەکانمان دەڵێن وەک ئەوە وایە سەردانی ماڵێکی ئێرانیمان کردبێت". هەردووکیان ئاماژە بەو کەلوپەلانە دەکەن کە لە ماڵەکانیان هەیە لە قاپوقاچاغەوە بگرە تا شێوەی دانانی کەوەنتەر و تا دیزاینی ناوماڵ و دیکۆری خانوو. مۆبیلیات، مافور و قاپوقاچاغ زۆربەی ئێرانییە و دانانی ناوماڵەکەش لەسەر شێوازی ئێرانە. (سەنار) جەخت لەسەر هەمان ئەو قسانە دەکاتەوە و دەڵێت: "ئەو کاریگەرییە لەسەر ئێمەمانان ماوە بە پێڕەویکردن لە کلتووری ئێرانییەکان ناوماڵەکانمان ڕێکدەخەین، بۆ نموونە دیزاینی ژووری پێشوازی، گوڵخانە و مەتبەخەکانمان".

لەگەڵ هەموو ئەوەی لەسەرەوە باسمان کرد بەڵام بەشێکی بەرچاوی نموونەکان ئاماژە بە گۆڕانکاری لە کەلوپەلی ناوماڵیان دەکەن لە ئێستادا و پێیانوایە کە وەک جاران ئەو کاریگەرییە زۆرە نەماوە، بەهۆی تێکەڵاوبوونیان بە خەڵکی ئێرە و کەلوپەلی جیاواز کە لێرە هەیە، گۆڕانکاری دروستبووە و بەشێکی زۆر ئێستا پشتی لە ماڵیان نەماوە، لە جیاتی ئەوە مۆبل و قەنەفە بەکاردەهێنن. خاڵێکی دیکە کە جێگەی سەرنجە ئەو کاریگەرییە لای هەموویان وەک یەک نییە، یەکێک لە نموونەکانمان ئەوە ڕووندەکاتەوە کاتێک لە ئێران بوون دراوسێکانیان پەنابەری عێراقیبوون، هەروەها لە ناوچە کوردنشینەکان دەژیان و دایکیشی نەخوێندەوار بووە و تێکەڵاوییان لەگەڵ خەڵکی ئێران نەبووە، بۆیە کاریگەرییەکە لەسەر ئەوان زۆر کەمە و زیاتر کەلوپەلیان وەک کەلوپەلی ناوماڵی ئێرەیە.

**جەلوبەرگ**

گۆڕانکاری لە جل و بەرگی هەر نەتەوەیەک زۆر ئاساییە، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە خەریکە لە سایەی جیهانگیریدا جلوبەرگی کلاسیکیی نەتەوەکان پاشەکشە دەکات و جلوبەرگی مۆدەی ڕۆژئاوایی تادێت زۆرتر بڵاودەبێتەوە. ئەو گۆڕانکارییە تەنیا لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕوویندەداوە، بەڵکو لە ئێرانیش گۆڕانکاریی گەورە لە جلوبەرگدا ڕوویداوە.

پیاوە پەنابەرەکان لە ئێران کێشەیان نەبوو ئەگەر بە جلی کوردیش لەناو شارەکاندا هاتوچۆ بکەن، بەڵام ئەوە بۆ ئافرەت مۆمکین نەبوو، بۆیە ژنانی بەتەمەن عەبا و ئەوانەی تەمەنیان کەمتربوو و کچەکانیش مانتۆیان دەپۆشی. بۆیە لێرەشدا کە باسی کاریگەربوون بە جلوبەرگی ئێرانی دەکەین زیاتر تیشک دەخەینەسەر جلوبەرگی ئافرەتان.

پرسیارەکە ئەوەیەکە کە: ئایا لە ئێستاشدا جلوبەرگی ئێرانی (مانتۆ، عەبا و ڕەفتە) لەبەردەکەن یان ئەگەر وازیانلێیهێناوە کەی وازیانلێیهێنا، لەگەڵ گەڕانەوە یان دواتر، ئەگەر دواترە چەند دەبێت؟ دەکرێ بڵێین هەموو نموونەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی کاریگەربوونیان بە جلوبەگی ئێرانی دەکرد.

لەمبارەوە یەکێک لە نموونەکان کە ئافرەتێکە بە ناوی (فائزە) دەڵێت: من هێشتا "وەکو ئێرانی جەلوبەرگ لەبەردەکەم جارێ وازم لێنەهێناوە". فائزە باس لەوە دەکات کەوا دایکی هەروەکو ئێرانییەکان عەبای لەسەرکردووە، هەروەها جلوبەرگەکەی وەکو ئێرانییەکان وابوو. ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەویش"وەکو ئێرانی جەلوبەرگ لەبەردەکات" و هێشتا سەلیقەی ئێرەی وەرنەگرتووە. یەکێک لە نموونەکانی دیکەمان ئافرەتێکی ترە بە ناوی (هاوناز) باس لەوە دەکات کە "من تا ئێستاش مانتۆ لەبەر دەکەم و وازم لە مانتۆ نەهێناوە، تەنیا ئەگەر بچمە بۆنەیەک

جەلی کوردی لەبەر دەکەم“ هۆکارەکەشی بەوە لێکدەداتەوە کەوا ئێمە درەنگ گەڕاوینەتەوە لە ئێران واتا لە ٢٠١٢ و لە ئێرانیش لە شاری کەرەج بووین. خاتوونێکی تر بە ناوی (ئاشنا) کە لە بنەسڵاوە دادەنیشێت و لە ساڵی ٢٠٠٦ لە لوڕستان گەڕاوەتەوە بە پێچەوانەی نموونەی پێشوو دەڵێت“ ٢٠١١ وازم لە مانتۆ هێنا، بەڵام وازم لە ڕەفتە نەهێناوە ”.

ئەوەی لێرەدا دەبێت ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە پەنابەرە گەڕاوەکان هەموویان وەک یەک کاریگەرییان لەسەر نەبووە. بە گشتی ڕەگەزی مێ لە ڕووی جلوبەرگەوە زۆرتر کاریگەرییان لەسەر بووە. خاڵێکی دیکە کە لە گوتەی نموونەکان بۆمان دەرکەوت بەشێک لە هۆکاری ئەوەی کە کچە گەڕاوەکان یان ئەو کچانەی دوای گەڕانەوەش لەدایکبوون لە ناچاری مانتۆیان لەبەردەکرد، چونکە خێزان ڕێگەی پێنەدەدان جلی مۆدە بپۆشن، ئەوانیش لە نێوان جلی حیجابی ئێرە و مانتۆدا، مانتۆیان هەڵبژاردووە، چونکە هەم لەگەڵ زەوقی خێزانەکانیاندا دێتەوە و پێیان جوانترە هەمیش مانتۆی دوای ٢٠٠٠ لەگەڵ مانتۆی جارانی ئێرانی زۆر جیاوازە زیاتر بە چاکەت یان قەمیسێکی درێژ دەچێت تاکو جلێکی حیجاب. هەروەها لە ڕووی ڕەنگیشەوە، پێش ٢٠٠٠ مانتۆی ئێرانی زۆربەی هەرە زۆری ڕەنگی ڕەش بوو، بەڵام دواتر مانتۆ دەکرا هەر ڕەنگێک بێت وەک جلی مۆدە.

**خواردن**

یەکێک لەو توخمە کلتوورییانەی کە لە نێوان کلتوورەکاندا بڵاودەبێتەوە خواردنە. ئەگەر تەماشای خواردنی خێزانی کوردی بکەین، ڕۆژانە دەبینین خواردنی نوێ لە ناندینی ماڵاندا دروست دەبێت کە پێشتر نەبوون، وەک پاستا، پیتزا و دەیان جۆر خواردنی دیکە. خواردن کاریگەریی درێژخایەنی دەمێنێت، چونکە پەیوەندیی بە تام و لێڕاهاتنەوە هەیە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئێستاش ئاوارە گەڕاوەکان لە ئێران هێشتا

کاریگەر بن بە خواردنی ئێرانی، بە تایبەتی کە ئەوان ماوەی زیاتر لە دەیەیەک لەو وڵاتە ژیاون لە لایەک و لە لایەکی دیکەشەوە مەتبەخی ئێرانی دەوڵەمەندە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە تام و بۆن.

پرسیارەکە ئەوەبوو کە: ئایا تا ئێستا خواردنی ئێرانی دروستدەکەن لەماڵەوە؟ چ جۆرە خواردنێک دروست دەکەن؟ ڕۆژانە چەند جۆر خواردنی ئێرانی لەسەر سفرەتان هەیە؟ خواردنی ئێرانیت پێخۆشترە یاخود خواردنی کوردەواری؟ دەکرێ بڵێین هەموو نموونەکان واتە نموونەکە تێکڕا لەگەڵ ئەوەدان، کاریگەرییەکە هەیە و لەچاو بابەتەکانی دیکە کە لە ئێران لەگەڵ خۆیان هێناویاننەتەوە، کاریگەریی خواردن لە هەموویان تۆخترە، واتە کاریگەرییەکەی زیاترە و تا ئێستا لە ماڵی زۆربەی پەنابەرە گەڕاوەکان بۆ هەموو ژەمەکان زۆرتر خواردنی ئێرانی لێدەنێن. بە تایبەتی خورشت وەکو قورمەسبزی، خورشت قیمە، قیمە بادامجان، کوکو سبز، سوپ جۆ و ئاش. نموونەی توێژینەوەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کەوا ڕۆژانە بە لایەنی کەمەوە یەک جۆر خواردنی ئێرانی لە هەر یەکێک لەو ماڵانە لێدەنرێت تەنانەت ئەگەر ئۆملێتیش بێت.

(ئاکۆ) کە لە تاران ژیاوە و لە ٢٠٠٥ گەڕاوەتەوە باس لە کاریگەرییەکە دەکات و دەڵێت "زۆر زۆر کاریگەریی هەیە". گوتی ڕۆژانە واتە بەردەوام خواردنی ئێرانی دەخۆین. (عەباس) کە یەکێکی دیکەیە لە پەنابەرە گەڕاوەکان و لە ئێستادا دانیشتووی بەفرین ستیە، ئەوە دەگێڕێتەوە: "ئەمرۆ (ڕۆژی چاوپێکەوتنەکە) چوومە سۆران، سەردانی چەند ماڵێکم کرد کە ئاوارەی ئێران بوون و لە ١٩٩٨ گەڕابوونەوە، هەموویان بە گشتی چای دیشلمەیان دەخواردەوە تەنیا دوو کەسیان نەبێت، ئەوانیش ئەوانەبوون کە نەهاتبوونە ئێران یەکێک لە نموونەکانمان (عبدالقادر) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پەنابەرانەی گەڕاونەتەوە کاریگەرییان لەسەر خەڵکی ئێرە هەبووە کە حەزیان لە خواردنی ئێرانی

بێت، دەڵێت: "ماڵە خەزورانم کە نەهاتوونەتە ئێران، جاروبار قورمەسبزی یان خورشت دروستدەکەن، بەڵام شێوازی لێنانیان زۆر جیاوازە".

دەتوانین بڵێین کاریگەریی کلتووری ئێرانی لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکان لە ڕووی خوارن و خواردنەوەوە زۆرە، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە زۆر گرنگی بە خواردنی ئێرانی دەدەن، چ ئەوانەی زوو گەڕاونەتەوە (سەرەتای دەیەی ١٩٩٠) و چ ئەوانەی درەنگ گەڕاونەتەوە (دوای ٢٠٠٣) بەڵام هەڵبەتە کاریگەرییەکە لەسەر هەموویان وەک یەک نییە، بەڵکو بەپێی شوێنی نیشتەجێبوونیان دەگۆڕێت چ لە ئێران و چ لێرەش لەدوای گەڕانەوەیان. بۆ توێژەر تێبینیکردنی خواردنی پەنابەرە گەڕاوەکان زۆر ئاسان بوو، هەربۆیە بە باشی و بە فۆکسێکی قوڵەوە تێبینیمان کردووە لە ماڵە پەنابەرەکان کە بە بەردەوامی هاتوچۆی ماڵە خزمەکان یان دۆست و ناسیاوەکان دەکەن، دەبینین کە لەسەر سفرەی نانخواردنیان خواردنی ئێرانی هەیە، ئەگەر تەنانەت زووش گەڕابنەوە یان لە شارە کوردنیشینەکانیش بن، خواردنەکانی وەک قورمەسبزی و خورشت قیمە، کوکوسبزی، زرشک پلو، ئاش، شەڤید پلو...) هەروەها هەموو جۆر سووپێک وەک سوپ جو سوپ قارچ...، زەلاتەی شیرازی، زەلاتەی کاهو و کەلەم...، هەروەها دروستکردنی مرەبا و شیرینی لە ماڵەکان. ئەوەشمان لە بیر بێت کەوا لە پیرمام و سۆران زۆر دوکانی شیرینمەنی هەیە کە دەتوانین بڵێین شیرنی ئێرانین. تەنانەت لە سۆران و پیرمام تێبینیمان کردووە کە نانەواخانەی ئێرانی هەیە، ئەوانەی لەسەر نانەواخانەکانیشن یان پەنابەری گەڕاوەن یاخود کوردی ڕۆژهەڵاتەن. توێژەر بۆی دەردەکەوتووە کە پەنابەران بەردەوام بە دوای گەڕانن لە سایتەکانی ئێنتەرنێت و بەکارهێنانی سۆشیال میدیا هەروەها تەماشای بەرنامەی ئێرانی دەکەن بۆ چۆنیەتیی دروستکردنی هەموو جۆر خواردنێکی ئێرانی.

**زمان**

ئەوەی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا تێبینیمان کردووە تایبەت بە پەنابەرە گەڕاوەکان، ئەوەیە کە کاریگەریی زمانی فارسی لەسەریان بەردەوامە، چ لە قسەکردنی ڕۆژانە، چ لە خوێندنەوە و چ لە گوێگرتن لە موسیقای فارسی و تەماشاکردنی کەناڵە تیڤییە فارسی زمانەکان. بۆ ئەم مەبەستەش یەکێک لە پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە تایبەت بوو بە کاریگەریی زمانی فارسی و ئەو پرسیارەمان لە چەند وردە پرسیارێکدا ئاراستەی نموونەکان کرد: هێشتا لە ماڵەوە بە فارسی قسەدەکەن؟ ئەی لە دەرەوەی ماڵ لەگەڵ هاوڕێکانت؟ هەروەها سوود لە کتێبە فارسییەکان وەردەگریت؟ هەستدەکەی زمانە کوردییەکەت پڕە لە وشەی فارسی؟ دەکرێ بڵێین هەموو نموونەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان باسیان لە کاریگەربوونیان بە زمانی فارسی دەکرد چ بەکارهێنانی لە ماڵەوە و چ لەگەڵ هاوڕێکانیاندا، بەڵام جیاوازیی هەیە لە نێوان چەندایەتیی کاریگەربوون و چۆنایەتیی ئەو کاریگەرییە، ئەویش بەپێی کات و شوێن کە لە خوارەوە ڕوویندەکەینەوە:

لەبارەی زمان یەکێک لە نموونەکانمان کە خاتوونێکی تەمەن ٣٠ ساڵە و لە کەرەج ژیاوە و ٢٠١٢ گەڕاونەتەوە بە ناوی (هاوناز) دەڵێت: "لە ماڵەوە بە فارسی قسەدەکەم و لە دەرەوەش لەگەڵ هاوڕێ فارسیزانەکانم هەر بە فارسی دەدوێم، نازانم باش بە کوردی قسەبکەم"، یەکێک لە نموونەکانی دیکە بە ناوی (فریال) کە تەمەنی ٢٨ ساڵە لە ٢٠٠٤ گەڕاوەتەوە، باس لەوە دەکات کە لە شارە فارسەکانی ئێران ژیاوە، بە کوردی قەت قسەی نەکردووە. گوتی:" من بە گەورەیی فێرە کوردی بووم و کوردییەکەم ئێستاشی لەگەڵدا بێت باش نییە" . نموونەیەکی دیکە کە لە لوڕستان گەڕاوەتەوە بە ناوی (ئاشنا) دەڵێت: "لە ئێران، دایک و باوکم بە کوردی قسەیان دەکرد، لە لوڕستان بووین، ئێمە نزیکەی ٤٥ خێزانێکی

کورد لە شاری خورەم ئاباد بووین، خێزانەکان هەوڵیاندەدا لەماڵەوە بە کوردی قسە بکەن، تەنانەت ئەوانەش کە ژنەکانیان ئێرانی بوو، پیاوەکانیان هەوڵیاندەدا بە کوردی قسە بکەن و منداڵەکانیان فێرە کوردی ببن. ئێستا کە هاتووینەتەوە بەڵێ لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکەین.

بە سەرنجدان لە هەندێک لە وەڵامەکانی تاکەکانی نموونەکە دەردەکەوێت، ئەو خەڵکەی کە لە ناوچە کوردنیشینەکانی ئێران نیشتەجێبوون، دوای گەڕانەوەیان لە دەرەوە و لە ماڵەوە کەمتر بە فارسی قسەدەکەن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی لە شارە فارسی زمان یان تورک زمانەکانی ئێران بوون وەک ئەسفەهان، کاشان، شیراز، کەرەج، تاران و تەورێز. نموونەکان باسیان لەوە دەکرد کە زمانی فارسی زمانێکی سادە و شیرینە، قسە پێکردنی لەسەر زمان خۆشە، ئەو منداڵە ئاوارانەی لەوێ لەدایکبوونە یان لە ئێران گەورە بوونە هەمیشە حەز بەوە دەکەن بە زمانی فارسی قسە لەگەڵ یەکتر بکەن بە تایبەتی کچ و کوڕە گەنجەکان.

ئەگەر بمانەوێ وردتر هەندێک بۆچوونی نموونەکان بخەینەڕوو دەبێت لەم دەستەواژانە کورتیان بکەینەوە: زمانی کوردیمان وشەی فارسی تێدایە. هەندێک جار هیچ وشەیەکی کوردیمان بۆنایەت، بۆیە وشەی فارسی بەکاردەهێنن. زمانی فارسی زۆر زۆر کاریگەری لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکان هەیە. ئەگەر لەماڵەوەش بە فارسی قسەنەکەین بەڵام لەناو کوردیەکەماندا وشەی فارسی بەکاردەهێنین، چونکە لێڕاهاتووین.

**گۆرانی**

پەنابەرە گەڕاوەکان لە شوێنەکانی وەک دوکان یان سالۆن یان کافتریا میوزیکی فارسی پێدەکەن؟ هەموویان جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە کە گۆرانی و میوزیکی فارسی کاریگەرییەکی زۆری

لەسەر پەنابەرە گەڕاوەکان هەیە. وەک لە بۆچوونەکانی نموونەکاندا دەردەکەوێت هیچ کەسێکیان نەبوو نکۆڵی لەو کاریگەرییە بکات، زۆرتر جەختیان لەوە دەکردەوە کە لە دەرەوە و لەناو ئۆتومبێل زیاتر گوێ لە گۆرانییەکانی شجریان و معین و هایدە و سیاویش قمیشی... دەگرن، هەروەها تێبینییان کردووە لە دوکان و کافتریاکان پەنابەرە گەڕاوەکان موزیکی فارسی پێدەکەن. هەموو یەکەکانی نموونەکە باس لەوەدەکەن کە لەگەڵ گۆرانیی فارسی ڕاهاتوون و بەردەوامن، ئەوان ناتوانن گوێ لە گۆڕانی و میوزیکی فارسی نەگرن، چونکە بۆتە بەشێک لە زەوقی ئەوان و چێژی لێوەردەگرن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کاریگەرییان لەسەر خەڵکی دیکەی ئێرەش هەبووە لە خۆشەویستکردنی میوزیکی فارسی کە پەنابەر نەبوونە.

عبدالقادر کە لە ئەسفەهان لەدایکبووە (١٩٧٥) دەڵێت: "تا داریوش، موعین، حومەیرا و هایدێ هەبن من دەڵێم هەموو ئەوانی تر با بچنەوەماڵی خۆیان، بۆ من ئەوانە خۆشترن و تێیاندەگەم و چێژیان لێ وەردەگرم. ئافرەتێکی دیکە کە لە شاری ساوە ژیاوە و ئێستا دانیشتووی سۆرانە دەڵێت: "زۆر گوێ لە گۆرانیی فارسی دەگرم" بۆمان باس دەکات کە خۆی لە هۆڵی لەشجوانی کار دەکات گۆرانییەکان هەموویان فارسیین، بە هیچ شێوەیەک گۆرانیی کوردی پێناکەین، باسی لە ساڵۆنەکانیش کرد کە هەموویان گۆرانیی فارسی پێدەکەن. نموونەیەکی دیکە کە ئەویش ئافرەتێکە لە کەرەج ژیاوە و ئێستا دانیشتووی شارۆچکەی شەقڵاوەیە جەخت لەسەر هەمان ئەو قسانە دەکاتەوە و بە پێکەنینیەوە دەڵێت "بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەم "(سەنار) و (دەشتی) هەردوو نموونەکە ئاماژە بەیەک شت دەکەن کە دەڵێن: "لەو باوەڕەدانین لەناو هیچ ئۆتۆمبێلێکی پەنابەرە گەڕاوەکاندا نەتوانی کاسێت یان سیدی و مێمۆرییەک نەدۆزیەوە کە گۆرانیی فارسی تێدا نەبێت، دەڵێن هەر هەموویان گوێی لێدەگرن بە تایبەتیش گوێ لە گورانیی گۆرانیبێژەکانی نەوەی ئالتوونیی ئێرانی و

کلاسیکەکان دەگرن". ئەوان پێیانوایە کە ئەوانەی لە ئێران گەڕاونەتەوە دەتوانین بڵێین ١٠٠% لەناو مۆبایلی ئەواندا گورانیی فارسی خەزنکراوە.

لە کافتریەکان لە سۆران و پیرمام زیاتر گۆرانیی فارسی پێدەکەن، بۆ نموونە لە سۆران نیوەی کافتریاکان گورانیی فارسی لێدەدەن، چونکە ئەوانەی لەسەر کافتریەکانن لە ئێران گەڕاونەتەوە یان خێزانێکی ئێرانی لەوێ کاردەکات کچ و دایک یان باوک و برایە لەوێ کاردەکەن و ١٠٠% گۆرانییەکان فارسین. هەروەها نموونەکان ئاماژەیان بەوەدەکرد کە لە زۆرێک لە دوکان و مۆڵ و سالۆنەکان گوێبیستی میوزیک و گۆرانیی فارسی دەبین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان پێیانوایە کە بەرەبەرە کاریگەرییەکە کەمتر دەبێت، ئێستا کەمترە بە بەراود بە ١٠ ساڵ پێش یان ٧ ساڵ پێش، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆرتر تێکەڵاوی خەڵکی ئێرە بوونە، هەروەها چەندین هونەرمەندی تری کوردی دەرکەوتوون.

**ڕەفتار**

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاکەکان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی بە کۆمەڵی تاکەکانی کۆمەڵگایەکن، هەربۆیە بەشێکن لە کلتوور. کۆمەڵگای ئێرانیش بە جۆرێک لە جۆرەکان هەندێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان هەیە کە جیاوازە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان. ڕەفتارەکان شتێکی نەگۆڕ نین، وەک هەر توخمێکی کلتووریی دیکە گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. لەبارەی ڕەفتارەوە پرسیاری ئێمە بۆ ئەندامانی نموونەکە ئەوە بوو تا ئێستا هەر وەک ئێرانییەکان ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکەن لەگەڵ خەڵکی و لەماڵەوە و هەروەها لە کاتی سڵاوکردن و ماڵئاوایی بە شێوەی ئێرانییەکانە؟ هەست دەکەی ڕەفتارتان وەک پەنابەرێکی گەڕاوە جیاوازە لەگەڵ خەڵکی ئێرە؟

دەکرێ بڵێین هەموو نموونەکانی توێژینەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی کاریگەربوونیان دەکرد لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان بە کلتووری ئێرانی، تەنانەت لە سڵاوکردن و خواحافیزیکردنیشدا، بەپێی قسەی نموونەکان دەردەکەوێت کاریگەرییەکە لە ئێستادا کەمتر بووە بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵ پێش ئێستا و لە ئەنجامی زۆرتر تێکەڵبوونیان لەگەڵ خەڵکانی دیکە لێرە جگە لە پەنابەرانی گەڕاوە.

لەمبارەوە یەکێک لە نموونەکانمان (عبدالقادر) دەڵێت: "وەکو پیاو کاتێک سڵاودەکەین دەستمان دەخەینە سەر سنگمان"، گوتی من خۆم زۆرجار ئەو جوڵەیە ئەنجام دەدەم، ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە ئەم جوڵەیە (دەست لەسەر سنگ دانان) بە تەواوەتی ڕەفتارێکی ئێرانییە. یەکێک لە نموونەکانی دیکە (فازل) باس لەوەدەکات "ئەگەر سەردانی ماڵێکی پەنابەری گەڕاوەی وەک خۆمان بکەین، ئەوا وەکو ئێرانییەکان سڵاو و خواحافیزی دەکەین، ئێرانی کە سەردانی ماڵێک دەکەن شیرینی یان دەستەگوڵێک لەگەڵ خۆیان دەبەن یان شتێکی دیکەی لەو شێوەیە، ئێمەش بە گشتی بە دەستبەتاڵی ناڕۆین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە دەبێت هەمیشە شتێک ببەی، ئەو سەردانانە، سەردانی شەوانەن کە پێیدەڵێن شەبنشینی واتە دانیشتنی شەوانە". (ئاکۆ) پێیوایە کە "ڕەفتارمان هەتا ئێستاش نەگۆڕاوە و وەکو ئێرانییەکانە و شێوازی هەستان و دانیشتن، سڵاوکردن و ڕێزگرتن، جۆری قسەکردن و جۆری وەڵامدانەوە ئێستاش هەروەکو ئێرانییەکانە. دەیگوت ئەگەر لە بازاڕ بڕۆم، نەفەرێک ببینم بە شێوازی ڕەفتارەکانی دیارە یان بە قسەکردن بە دوو ڕستە دەزانم ئەگەر لە ئێران گەڕابێتەوە، تەنانەت بە دابەزین یان سواربوون لە ئۆتۆمۆبێل دەتوانم بزانم ئەو کەسە لە ئێران ژیاوە یان نەژیاوە، ئەگەرچی هەموو یەکەکانی نموونەکە باس لەوە دەکەن کە ڕەفتاری ئێرانی کاریگەریی لەسەر ئێمە و تەنانەت منداڵەکانی ئێمەش هەیە، چونکە منداڵەکانمان لە ئێمەوە فێری ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەبن. هەر

هەمووشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ستایشی ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە دەکەن. هەندێکیان دەڵێن خەڵکی ئێرە هێشتا نازانن کە سڵاوکردن چ مانایەکی هەیە و خوداحافیزیکردن چ مانایەکی هەیە. گلەیی ئەوەیان دەکرد کەوا لەناو گرووپێکدا دانیشی و کەسێک دێت سڵاوێک لە هەموویان دەکات و یەکە یەکە سڵاو ناکات و تۆی لە بیر نییە سڵاوت لێبکات بە تایبەت، گرنگی و بایەخت پێنادەن، دەڵێن زۆرجار کەسێک دێتە ژوورەوە کە نازانێت سڵاویش بکات، فێر نەبووە. ئێمە بەلامانەوە شەرمە یان عەیبەیە سڵاو نەکەی یان خواحافیزی نەکەی. ئەوان جەخت لەوەدەکەنەوە کەوا جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پەنابەرە گەڕاوەکان و خەڵکی پارێزگای هەولێر ئەوانەی نەچوونەتە ئێران. پێیانوایە کە ئەوان لە قسەکردندا نەرمونیان و ئارامن و ڕێز لە بەرانبەر دەگرن ئەوانەی نەچوونەتە ئێران وەک ئێمە بیرناکەنەوە وەک ئێمە ڕەفتار ناکەن، ئەوەی لای ئێمە گرنگە لای ئەوان زۆر شتێکی نۆرماڵ و ئاساییە.

**دابونەریت**

یەکێک لەو شتانەی کە بە ئاسانی لە ناو کلتوورەکاندا ناگوازرێتەوە دابونەریتە، چونکە هەر کۆمەڵگایەک دابونەریتی تایبەت بە خۆی هەیە و بە شێوەیەکی بە کۆمەڵیش ئەنجامدەدرێن، واتە دابونەریت زیاتر لە پەیوەندیدا لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکی دیکە پەیڕەوی لێدەکرێت و وەکو ڕەفتارێکی تاکەکەسی نییە، چونکە ڕەفتاری تاکەکەسی وەک شتێکی شەخسی لێکدەدرێتەوە و خەڵکی کەمتر دەتوانن قسەی لەسەر بکەن بە پاساوی تاکگەرایی و نەبەزاندنی سنووری تاکەکەسی، بەڵام دابونەریت لە بنەڕەتدا شتێکی گرووپییە، بەدەر لەوە گرووپەکە چەندە گەورەیە، دەشێ کۆمینیتییەکی بچووکی چەند سەد کەسی بێت یان چەند هەزار کەسی. بۆیە تاکەکەسەکان هەرچەندیش لە دەرەوەی کۆمەڵی خۆیان بژین و چەندەش دووربکەونەوە، کاتێک دەگەڕێنەوە، دەگمەنن ئەوانەی بتوانن

خۆیان لە دابونەریتی کۆمەڵەکەی خۆیان بدزنەوە، بەڵکو ناچاردەبن کەم تا زۆر پەیڕەوی لە هەمان دابونەریتی گرووپ یان کۆمەڵەکەی خۆیان بکەنەوە.

لەگەڵ هەموو ئەوەشدا دەتوانم بڵێم دابونەریت یەکێکە لەو شتانەی کە کەمتر کاریگەریی لەسەر پەنابەران ماوە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی پێشتر باسمانکردووە. پرسیارەکەمان بۆ نموونەکانی توێژینەوە ئەوە بوو تا ئێستاش دابونەریتە ئێرانییەکان کاریگەرییان لەسەر ئێوە هەیە؟

دەکرێ بڵێین زۆرینەی یەکەکانی توێژینەوە بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی کاریگەربوونیان بە دابونەریتی ئێرانی کرد، بە تایبەتی دابونەریتەکانی وەکو شەوی یەڵدا و سفرەی حەوت سین... وەک لە وەڵامەکانیان دەردەکەوێت کاریگەرییەکە جیاواز بوو لەسەر یەکەکانی توێژینەوەکە بەپێی شوێنی جوگرافیای ئێستایان، نموونە هەبوو هیچ کاریگەری لەسەر نەماوە (بە گوتەی خۆیان)، بەڵام کاریگەرییەکە لە سەرئەوانەی درەنگتر گەڕانەوە و لە ئێرانیش نیشتەجێی شارە فارسییەکان بوون زیاتر دیارە.

یەکێک لە نموونەکان کە ئافرەتێکە لە شاری شیراز ژیاوە لەمبارەوە دەڵێت: "هەندێکجار سفرەی حەوت سین دادەنێین، گوتی لە شەوی یەڵداش ئاهەنگ دەگێڕین"، پاساوی بەوە هێنایەوە کە ئەو شەوە لە لای کوردانیش هەیە، بەڵام تۆزێک شەوەکە پێش و پاشی هەیە. گوتی ساڵی ڕابردوو سفرەی حەوت سینمان دانا، بەڵام ئەم ساڵ نەخێر، بۆ سفرەی حەوت سین وێنە دەگرین و خواردن دائەنێین، شتێکی جوانە. نموونەیەکی دیکەمان تەمەنی ٤٨ ساڵە و لە کەرەج ژیاوە باس لە دابونەریتێکی دیکەی جیاواز لە یەکەکانی نموونەکان دەکات کە ئەویش قورئانە لە کاتی کچ بەشوودان لەسەر مێز دایدەنێن یان تێپەڕینی یەکێک بەژێر قورئاندا کە سەفەری دووری هەیە نموونەکە گوتی: "حەز دەکەم هەمیشە لەژێر

قورئان تێبپەڕێت”. نموونەیەکی دیکە کە لە کرمانشان ژیاوە دەڵێت “من شەخسی خۆم لە ئێرانیش زۆر لەگەڵ سفرەی حەوت سین نەبووم بەس شەوی یەڵدا دادەنیشتین، دەمگوت سفرەی حەوت سین هی فارسەکانە”.

دەردەکەوێت بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئێرانەییەکان و هاتوچۆکردنیان کاریگەریی زۆرتری لەسەریان داناوە، واتە ئەوانەی لە تاران و کاشان و شیراز و ئەسفەهان و کەرەج ژیاون، کاریگەرییەکە زیاتر بەسەر ئەوانەوە دیاربوو نەوەک ئەوانەی لە ئورمییە و نەغدە و زێوە ژیاون کە ناوچەی کوردنشینن. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کەوا کاریگەرییەکە ڕۆژبەرۆژ کەمتر دەبێتەوە بە تایبەتیش بە بەراورد لەگەڵ ئەو ساڵانەی کە تازە گەڕابوونەوە. ئەوانەی خزم و ناسیاویان لە ئێران هەیە یان دایکیان ئێرانییە (فارس و تورک) یان کوردی ڕۆژهەڵاتە کاریگەرییەکە لەسەریان زیاترە لە ئێستادا و ئەو کاریگەرییە بەردەوامیش دەبێت.

## ئەنجام

لە کۆتاییی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانە:

- کلتووری ئێرانی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر ئەو پەنابەرە کوردانەی باشووری کوردستان کە لەو وڵاتە گەڕاونەتەوە لە دوای ١٩٩١.

- کاریگەرییە کلتوورییەکە تەنیا لایەنی ماددی ناگرێتەوە وەکو جلوبەرگ، ناوماڵ و خواردن، بەڵکو لایەنی نامادديی کلتووریش دەگرێتەوە وەکو میوزیک، زمان و شێوازی ڕەفتارنواندن.

- تا ئێستاش کاریگەرییەکە بەردەوامە، زیاتریش لەبەرئەوەی ئەو پەیوەندییە لە نێوان پەنابەرە گەڕاوەکان و کلتووری ئێرانی لە ڕێگای کارلێکی ڕاستەوخۆوە بێت وەکو سەفەرکردنی بەردەوام بۆ وڵاتی ئێران و تێکەڵاوبوونەوەیان یاخود لەرێگای تیڤییەکان و سۆشیال میدیاوە بێت واتە ناڕاستەوخۆ.

- کاریگەرییە جیاوازەکان بەپێی ساڵەکانی مانەوە لەو وڵاتە، شوێنی نیشتەجێبوونیان لەو وڵاتە (ناوچە کوردنشینەکان و ناوچەکانی دیکەی ئێران) تەمەن (گەنج و بەتەمەنەکان) شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستایان (ئایا لە شوێنێک نیشتەجێیە کە چڕی پەنابەرە گەڕاوەکان زۆر بێت یان کەم.

- دەکرێ بڵێین پەنابەرە گەڕاوەکان لە ئێستادا گرووپێکی کۆمەڵایەتین کە وردە کلتوورێکی تایبەت بە خۆیان هەیە و تێکەڵەیەکە لە کلتووری ئێران و کوردستانی.

## پەراوێزەکان

١- Ethnography

٢- Interview semi structure

٣- شەوی یەڵدا یان شەوی چلە یەکێکە لە کۆنترین دابونەریتە ئێرانییەکان لەم مەڕاسیمە درێژترین شەوی ساڵ و بەدواهاتنی و درێژبوونی ڕۆژەکان و لە کۆتا ڕۆژی پایز و یەکەمین ڕۆژی زستانە. ئێرانییەکان ئەو شەوە هەموویان لە دەوری یەک کۆدەبنەوە، شەوێکە هەموو خزمەکان یان خوشک و براکان دێنە ماڵی گەورە، ماڵی دایک بێت یان ماڵی داپیر بێت هەموو لە یەک شوێن کۆدەبنەوە خواردنی خۆش دروستدەکەن. لەگەڵ ڕۆژئاوابوون دادەنیشین هەتا ٢ یان٣ی شەو. میوەی جۆراوجۆر دادەنێن کە باوترینیان شووتی و هەنارە، کات لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبەن، شیعر دەخوێننەوە فاڵ دەگرنەوە.

سفرەی حەوت سین سفرەیەکی ئێرانییەکانە کە لە جەژنی نەورۆزدا ئەو سفرەیە ڕادەخەن. حەوت شت دادەنێن بە پیتی (س) دەستپێبکات بۆ نموونە ئەمانەن (سیب، سنجد، سماق، سیر، سرکە، سبزە چەن دانە گەنم یان جۆ کە پێشتر خزمەتیان کردووە تا سەوز بووە و لەسەر سفرەکە دادەنێن، سکە، سمنو، سعاتە) ئەم شتانە بۆ حەوت سین هەڵدەبژێرن.

**سەرچاوەکان**


- ماکداوڵ ، دەیڤد (2019) مێژووی هاوچەرخی کورد. وەرگێڕانی: ئەبوبەکر خۆشناو. چاپی سێیەم . هەولێر: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر.

- گەوهەری ، حامید (2014) ئیدریس مستەفا بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسین مێژووی زارەکی. هەولێر چاپچانەی شەهاب.

- گەوهەری، حامید (2017) مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

- سعیدی، مدرس (2015) بررسی ابعاد و دامنەهاي مهاجرت کردهاي عراق به ایران در دهەي ١٣٥٠ شمسی. خردنامه، شماره (١٥): 53-31

- ایمرسون، ڕوبرت. فریتز، ڕاشیل و شو، لندا (2010) البحث المیدانی الانثوجرافی فی العلوم الاجتماعیة. ت: هناء الجوهری و محمد الجوهری . القاهرة: الجزیرة.

- خۆشناو ، جاسم توفیق(2002) مەسەلەی کورد و یاسای نێو دەوڵەتان، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتجیی کوردستان.

- مک داول، دیوید (2004) تاریخ معاصر. مترجم: ابراهیم یونسی. چاپ دوم. تهران: چاپ دالاهو.

- Farooq, Muhammad Bilal and DeVilliers, Charl 2017. Telephonic Qualitative Research Interviews, When to

consider them and how to do them, Meditari Accountancy Research, 25(2), 291- 316.

- Leavy, Patricia 2017. Research design: Quantitative, Qualitative , Mixed Methods Arts0Based, and community –based Participarory Researvh approaches. New York: The Guilford press

- Merriam, Sharan B. 2009. Qualitative Research: A Guide to Design and Implementation. Second Edition.San Francisco: Jossey–Bass.

- Bryman, Alan 2012. Social Research Methods. Fourth edition. Oxford: Oxford university press

- Bhattacherjee, Anol 2012. Social science Research: Principles, Methods,and practices. Second edition. Attribution –Noncommercial- ShareAlike3.0 Unported License.

- Yildiz, Kerim 2007. The kurds in Iraq : Past, Present and Future. London: Pluto press

- Alborzi, Mohammad Reza 2006 . Evaluating the effectiveness of international refugee law the Protection of Iraqi Refugeees. The Netherlands: Koninklijke Brill NV, Leiden

- Mcdowall , David 2007. A modern history of the kurds.New York, Londen I.BTauris

- Kelly , Michael J. 2008. Ghosts of halabja: Saddam Hussein and the Kurdish Genocide. London: Prarger Secuity Internatinal, Greenwood.

- Meho, Lokman L. and Maglaughlin , Kelly L. 2001. Kurdish culture and society. London: Greenwood press.

- Franklin , Janet A 2019. United states foreing polices in Iran abd Iraq , and the negative impact on the kurdish nationalist movement : from the nixon era through the reagan years. A Thesis submitted in partial fulfilment of the requriments for the degree master of Arts. Wright State university.

- Alvandi , Roham 2010. Nixon, Kissinger and the Shah: US-Iran Relations and the Cold war, 1969-1976. Thesis submitted in partial filfilment of requirements for the degree of DPhil in International Relations in the Department of politice and International Relations at the University of oxford.

- Romano, David 2006. The Kurdish nationalist movement: Opportunity, Mobilization , and Identity. Uk: Cambridge University press.

- Paasche, Erlend 2018. Elites and emulators: The evolution of Iraq Kurdish asylum migration to Europe. Oxford:Oxford University press.

- Burke, Lisa and K.Miller, Monica 2001. Phnone Interviewing as a Means of Date collection: Lessons

Learned and Practical Recommendations. Forum: Qualitative Social Research Sozialforschung (FQS) Volume 2,No 2,Art.& may

- Creswell, John W. 2009. Research design: Qualitative, Quantitative , and mixed Methods Approaches. Thied Edition. London: SAGE.
- Robson , Barbara 1996. Iraq Kurds Their history and culture . Wasshington: Center for Applies Linguistic.
- S. Block,PhD, Emily and Erskine,PhD, Laura 2012. Interviewing by Telephone: Specfic considerations, Opportunities,and Challenges. Internatinal Jourrnal of Qualitative Methods (UQM). Insternational Institute for Qualitative Methodolocy (IIQM).
- Fawcett, John and Tanner , Victor 2002. The Internally Displaced people of Iraq. Washington: The Brookings Institution–SAIS Project on Internal Displacement.
- McDowall , David 1996. The Kurds. Seven edition. Uk: Minority Rights Group international
- Tucker, Ernest 2007 . Ottoman lessons for a federal Iraq. ( Edited by) MacDonald, Hharles G. and Oleary , Carole A. Kurdish Identity Human Rights and political status.USA: The University press of Florida.

**نزوح سكان كوردستان الجنوبية الى ايران بعد عام ١٩٧٤ وتأثرهم بالثقافة الإيرانية**

بعد استئناف القتال بين الحكومة المركزية في بغداد والثوار الكورد في عام ١٩٧٤، بدأت موجة نزوح للكوردستانيين من العراق باتجاه الحدود الايرانية. استمرت هذه الموجة لغاية عام ١٩٨٨ ولكن بشكل متقطع. مما أسفر عن وجود مئات الآلاف من كوردستانيين (مواطنين عراقيين) اللاجئين في ايران. عقب انتفاضة ١٩٩١ بدأت موجة العودة من ايران الى الوطن, وقد استغرقت وقتا اطول حيث استمرت لغاية عام ٢٠١٨. السؤال الرئيسي لهذا البحث هو مدى تأثير الثقافة الايرانية على النازحين العائدين من ايران؟ حيث أنة يمكننا ملاحظتها ذلك التأثير وتحديد العناصر الثقافية الاكثر تأثرا. يعد هذا البحث بحثا كيفيا، وقد تم اعتماد التصميم الاثنوغرافي. فيما يتعلق بكيفية جمع البيانات فقد اعتمدنا طريقة المقابلة شبة المقننة اضافة الى الملاحظة. وقد توصل البحث الى عدة نتائج منها، ان هناك تأثيرا واضحا للثقافة الايرانية على النازحين العائدين من ايران، ألا ان ذلك التأثير يتخذ اشكالا شتى وفقا لمتغيرات عدة منها فترة ومكان الاقامة في ايران علاوة على مكان الاقامة بعد العودة الى كوردستان. لقد اصبح للنازحين العائدين من ايران ثقافة فرعية خاصة بهم. وذلك نتيجة لتأثرهم بالثقافة الايرانية وتقمصهم لها من ناحية وسعيهم للتكيف مع الثقافة الجديدة (الثقافة السائدة في مجتمع اقليم كوردستان) بعد العودة.

**Abstract**

Followed the war of 1974 between Kurdish rebellions and Iraqi government, a new wave of Iraqi Kurdish asylums to the Iran came into existence and continued to 1988. In the result, hundred of thousand of Kurdish people fleed to Iran. Meanwhile, the return of all of those people after the 1991 revolution took even a longer time to materialize, since the return process started in 1991 and ended just few years ago. The main question of the research is to know that to what extend Kurdish people have been under the influence of Persian culture? Bearing in mind that the influence was obvious, we want to know which cultural element had much more influence compare to the others? Furthermore, it is a qualitative research with focus on ethnographic strategy. We used semi-organized interview and observation for collecting data. In the result, we realized that there exists a high amount of cultural influence on Kurdish people, as well as, the fact that the influence is differ from a person to another. The outcome of living in a different culture and being influenced by that culture, derived them to have their own microculture by now.

Key words: culture, asylum,